# کاریگەریی ئەفسەرانی ئینگلیز لەسەر پرسی کورد

# (١٩١٦-١٩٢٣)


د.هیوا عزیز سعید
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو
زانکۆی سلێمانی

د.ئامانج حسن أحمد
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو
زانکۆی سلێمانی


**پێشەکی:**

سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانیو ئەو کۆنگرەو پەیماننامانەی لە دەرەنجامی ئەم جەنگەوە گەڵاڵەبوون، وێنەو نەخشی جۆراوجۆرو جیاوازییان بۆ ناوچەکانی جیهان بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی خستەوە، بەتایبەت کۆی هەوڵو بیرکردنەوەو پەیوەندییەکان بۆ بەرگرتنی سەرهەڵدانی جەنگو سەقامگیرییو ئاشتی بوو، بەڵام داکەوتەو ڕوداوەکانی دوای جەنگی یەکەمو دوای کەمتر لە چارەکە سەدەیەك ڕوودانی دووەم جەنگی جیهانیو پاشان جەنگی ساردو تا هەنووکە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە (ئارتشیبالد وافید) ئاماژەی بۆ کردووەو نوسیویەتی: "دوای جەنگ کە ئامانج بریتیبوو لەکۆتایی هێنان بەجەنگەکان، وادیارە توانیان لەدروستکردنی ئاشتییەکدا سەرکەوتووبن کە کۆتایی بەهەموو ئاشتییەکان هێنا".

ئەگەر ئەمە بۆ جیهانو ناوچەکە ڕاست بێت، ئەوا بۆ کورد کە لەدەرنجامی سایکس پیکۆو ڕووداوەکانی دواتر ڕاستترە، ناوچەکە بۆ کاتێکی کەمیش ئارامیو سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینیووە، بەتایبەت دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکی تازە دروستکراوی سەرەتای سەدەی بیستەم، کارەساتی گەورەو نەهامەتی زۆری بۆ کورد خستەوە، هۆکارەکانی دابەشکردنی کوردستانو فاکتەرو پاڵنەرەکانی زۆرو هەمە چەشنن، بەڵام دەکرێت یەکێك لەکاریگەرترین ئەو هۆکارانە ڕۆڵو کاریگەریی ئەفسەرانو بەرپرسانی بریتانییەکان بێت لەناوچەکەدا، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەمان بۆ خستنەڕووی کاریگەریی ئەفسەرو بەرپرسانی بریتانی تەرخانکردووە، هەوڵمانداوە ڕۆڵیان لە ئاڕاستەپێدانو ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی بریتانیو گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسیو نەخشی جوگرافی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کوردستان بخەینەڕوو.

توێژینەوەکەمان بەپەیڕەوکردنی میتۆدیی مێژوویی شیکاریی ئەنجامداوەو لە پێشەکیو ئەنجامو دوو باسی سەرەکیدا گەڵاڵەکردووە، لەوپێناوەشدا چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆرو نوێمان بەکاربردووە، هیوادارین خوێنەرانی بەزانیاریو دیدی نوێ ئاشنابکات.

**باسی یەکەم – چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسیاسەتی بریتانیدا:**

ئەگەرچی چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەکارهێناندا چەمکێکی نوێیە، بەڵام بێ پێشینەو بنەما سەریهەڵنەداوە، چونکە (لەو قۆناغەدا کە ئەو شانشینەی خۆری لێ ئاوا نابێت باشترین و باوترین گوزارشت و ستایشی بوو)، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەوەرەیەکی سەرەکی و ستراتیژیی سیاسەتی بریتانییەکانی پێکهێناوە، ئەمەش لەچوارچێوەی سیاسەتی (یارییە گەورەکە – اللعبة الكبرى) بەرجەستەببوو، کەبەر لەساڵی ١٨٩٢ دەستپێکردبوو[١].

سیاسەتی (یارییە گەورەکە) دوای ئەوەی (دۆق ویلینگتۆن) بووە سەرۆك وەزیران بەتەواوی دەرکەوت و ڕوونبووەوە، بەتایبەتی لەهەوڵی پاراستنی ڕێگەی هیندستاندا، پێیوابوو پێویستە هەژموون و مەترسی ڕووسەکان دور لە ئەفغانستان ڕابگیرێن، میکانیزمی پراکتیزەکردنی ئەم سراتیژەش، بەکارهێنانی سستمە گەندە ئیسلامییەکانی ئاسیابوو، تاوەکو ببنە بەربەستی گەورە لەنێوان مەترسی ڕووس و ڕێگەی گەیشتنی بەریتانییەکان لەمیسرەوە بۆ هیندستان)، دواتریش (لۆرد پالمیرستۆن) لەساڵانی (١٨٣٠-١٨٥٩) وەك وەزیری دەرەوەو پاشان وەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم سیاسەتەی زیاتر پەرەپێدا[٢].

ئەگەرچی سیاسەتی بەریتانی کرۆکی بەرژەوەندیخوازیی ئیمپراتۆریتی و کۆلۆنیالیستی خۆیانی هەڵگرتبوو، بەڵام هەمیشە ڕووپۆش و بەرگێکی مرۆییان بە بەریدا کردووە ، بەتایبەت کاتێك (لۆرد کیرزن) لەساڵی (١٨٩٤)دا و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە "بریتانیا گەورەترین میکانیزمی خێرو خۆشیە جیهان بەخۆیەوە بینیبێتی و لەسایەو سەرپەرشتی خودادا کاریکردبێت"، یاخود (جۆزیف چامبەرلین)ی وەزیری داگیرگەکان ووتویەتی کە "دەبێت بریتانیا ی گەورە، لەکاتی پێویستدا، هەر ڕێوشوێنێکی خێراو تاك لایەنە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بگرێتەبەر، چونکە لەکۆتاییدا ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتیدا گونجاوو تەریب ئاڕاستەیان هەیە"[٣].

---

(١) یەکەم کەس کە دەستەواژەی (یارییە گەورەکە –اللعبة الكبرى)ی بەکارهێناوە، ئەفسەری بریتانی (ئارسەر کونولی) بوو، بەدرێژایی بەرەی هیمالایا، لەبیابان و دەشتەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا لەم یارییەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، تادواجار پاشایەکی ئۆزبەك دەستگیری دەکات و دەیخاتە ناو بیرێکی قوڵی پڕ جانەوەرو بۆ ماوەی دوو مانگ تیایدا دەمێنێتەوە، پاشان ئەو بەشانەی جەستەی کەماوەتەوە دەردەهێننەوەو سەری دەپەڕێنن و لەناو نوسین و کاغەزەکانیدا دەستەواژەی (یارییە گەورەکە –اللعبة الكبرى) دەبینرێت،هەموو ئەمەش لەلایەن مێژوونوسێکی ئەفغانییەوە ئاماژەی پێدراوە. ئەم دەستەواژەیە کە گوزارشتە لەململانێی نێوان هەردوو ئیمپراتۆری بەریتانی و ڕووسی، لەسەر ناوەڕاستی ئاسیاو ئەفغانستان. بڕوانە: (ديفيد فرومكين: نهاية الدولة العثمانية وتشكيل الشرق الأوسط، ت. وسيم حسن عبدو، قراءة وتقديم: د.منذر الحايك، دار عدنان، بغداد، ٢٠١٥، ص٣٤،٢٠ .)

(٢) ديفيد فرومكين: المصدر السابق، ص٣٤-٣٥.

(٣) كارل إي.ماير و شارين بلير بريزاك: صناع الملوك هواة ومغامرون...جواسيس ومتعصبون – إختراع الشرق الاوسط الحديث، ترجمة: د.فاطمة نصر، اصدارات سطور الجديدة، ٢٠١٠، ص٣٤.

لـەم سـۆنگەیەوە یەکـەم هـەنگاوی پراکتیکـیو سـەربازیی بریتانیـا بـۆ ناوچـەکانی (ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت) لەساڵی (١٨٨٢) لەمیانەی هێرشو پەلامارە سەربازییەکەی بۆسەر میسر بەرجەستەبوو[1].

(یارییە گەورەکە) لەسایەی بەندەکانی ڕێکەوتنی ساڵی (١٩٠٧)ی نێوان ڕوسیاو بریتانیا کۆتایی هات[2]، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ململانێیە کۆتایی نەهات، بەڵکو چووە قۆناغێکی دیکەو بەرگو مۆرکێکی دیکەی وەرگرت، چونکە کۆتایی بە سیاسەتەکانی بریتانیا نەهێنا، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەمکی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بۆ یەکـەمجارو لـە وتارێکـدا بـەناوی (کەنـداوی فـارسو پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان) لـە مـانگی سـێپتێمبەری (١٩٠٢)و لـەگۆڤاری (The national Review)ی بـەریتانیو لەلایـەن (کـاپتن ئەلفرێـد میهـان)ی ئـەمریکی بەکارهێنرا[3].

واتە بەر لەوەی یارییە گەورەکە کۆتایی بێت، لەهەناوی ئەم یارییەوە سیاسەتو ستراتیجێکی دیکەی ئەنگلۆ ئـەمریکی داڕێـژراوەو چـەکەرەی کـردووە، کـەڕەوتی سیاسـەتی نێودەوڵـەتی بـۆ مـاوەی زیـاتر لەسـەدەیەك ڕەنگرێـژکرد، چـونکە (میهـان) ئاماژەی بـۆ ئـەوە کـردووە کـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت ناوەنـدی پێکـەوە گرێـدانی ئاسیاو ئەوروپایە بە ئەفریقاوە، هەر لەبیابانو چیاکانی وڵاتی عەرەب کە لەهەردوو لایەوە میسرو ئێرانو تورکیا لەبەشـی سـەرەوەی پێکـدێت، بایـەخی سـتراتیجی بەجۆرێکـە کـە ئەسـکەندەرو قەیسـەرو نـاپلیۆنو هیتلـەر هەوڵیانـداوە هـەژموونی خۆیـانی بەسـەردا بسـەپێنن، دوای کردنـەوەی کـەناڵی سوێس لـە (١٨٦٩) بایـەخی ئـەم ناوچـەیە زۆر زیـادی کـرد، دۆزینـەوەی نـەوتیش هێنـدەی تـر ئەرزشـی ئـەم ناوچـەیەی بـەرزکردەوە، بۆیـە لـە ئاماژەیەکدا نوسـیویەتی "ڕۆژێـك لـەڕۆژان ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، ئەگـەر ڕێگـەم هـەبێت ئـەم چەمکە بەکاربـەرم چونکە پێشتر بەرچاوم نەکەوتووە، پێویستی بە ماڵتاو چیای تاریق (جبل طارق) دەبێت، ئەم بنکانە لەکەنداودا بونیان نییە، هێزی دەریایی جیاوكو سیمایەکی پڕ جوڵەی هەیە کە لەگەڵ خۆیدا ئاوابوونی کاتی هەڵگرتووە: بەڵام لەهەمووو پێگەکانی کارکردن ئاتاجی بوونی بنکەی چەسپاوە، ئەمـەش لـەپێناو سازدانەوەو پڕکردنـەوەو فریاسازیی لەدۆخی داڕوخانی ئاسایشو سەقامگیریدا... دەریاوانی بەریتانیی لەپێناو چڕکردنەوەی هێزەکانی لە دەوروبـەری عـەدەنو هیندسـتانو کەنداو ئەگـەر دۆخەکە بخوازێت، پێویسـتە خـاوەنی میکـانیزمو ئامـادەگی بێت"[4].

ئەگەرچی پـێش سـاڵی (١٩١٣) دەوڵـەتانی ئـەوروپی کیشـوەری ئـەفریقایان لـەنێوان خۆیانـدا دابەشـکردبوو، بـەڵام دوای ئـەوەش هەنـدێکیان ئارەزوومەنـدیی دەستبەسـەراگرتنی ناوچـەی دیکـە بـوون، لەبەرئـەوە زۆرینـەی ناوچەکان کۆنترۆڵکرابوون، ناوچەیەکی ئەوتۆ نەمابوو، ڕێژەی چواریەك بۆ بریتانیا و شەش یـەك بـۆ ڕووسـەکان

(١)کارل إي.ماير و شارين بلير بريزاك: المصدر السابق ، ص١٠.

(٢) ديفيد فرومكين: المصدر السابق، ص١٨٢.

(٣) كارل إي.ماير و شارين بلير بريزاك: المصدر السابق، ص٣٩.

(٤) المصدر نفسه، ص٨ ، ٤٠.

بـوو، نیـوەی ڕۆژئـاوای گـۆی زەوی لەچوارچـێوەی پرەنسـیپی (مـۆنرۆ)دا لـەژێر سـایەو پارێزگـاری ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو، بەم شێوەیە جگە لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست کەهـەرێمێکی پـەرەوازەو برسـی بـوو، هیچ ناوچەیەکی ئەوتۆ نەمابووەوە. هەروەها دەنگۆی چاوچنۆکی فەرەنسییەکان لەسوریاو پلانەکانی ئیتاڵیاو ڕووسیا لـەباکوورو خواستەکانی یۆنـانو بولگاریـاو نەمسا لـەڕۆژئاواو تورکە لاوەکان لەناوەند لەبەهێزبووندا بوو[1].

لـەم دۆخـەداو لەبـەر ڕۆشـنایی ڕاسپاردەکانی (ئەلفرێـد تـایر میهـان)دا بریتانیـا و دواتـریش ئەمریکییـەکان، جێپێو پلانی خۆیان ڕەنگڕێژکردو نەخشەی سیاسیو جوگرافی ناوچەکەیان لەڕوانگەی بەرژەوەندییە تایبەتیو داگیرکارییەکانیانەوە داڕشتەوە، لەبەرئەوە پێبەپێی ڕاسپاردەکانی میهان، بریتانیا لەیەکەم هـەنگاودا کۆنترۆڵی کـەناڵی سوێسـی کـرد، پاشـان لـەپێناو بـەردەوامی پرۆسـەی فراوانخوازییـەکانیان بنکەیـەکی سـەربازییان لـە (عەدەن) دامەزراندو چاوییان لەکۆنترۆڵکردنی سودانیش بوو[2].

ئـەم سـتراتیجە سیاسییە، ڕێخۆشـکردنو زەمینەسـازییەکی باشـبوو بـۆ پرۆسـەی کۆلۆنیـالکردنی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، کەبەتـەواوی لەڕێکەوتننامـەی (سـایکس پیکـۆ)ی سـاڵی (١٩١٦)دا دەبێتـە داکەوتەیـەکی نکوڵیلێنەکراو.

لەڕاستیدا ئەگـەر سیاسـەتی پـاوانخوازیی نێـوان هێـزە کۆلۆنیـالو ئەوروپییـەکان لەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، هاوکـات ئـەو دابەشـکارییو دابڕینـە جوگرافییـەی ئەنجامـدراوە خـراپ کەوتبێتـەوە، ئـەوە لـەوە خـراپتر ڕەچاونەکردنی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەبوو بۆ بونیادە نەتـەوەییو کـەلتورییو مێـژووییو ئابوورییەکانی ئـەم ناوچـەیە، چـونکە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـەبونیادەوە ئامـاژەیـەکی جـوگرافی نـەبووە، لەڕەوتـە مێژووییەکەشیدا نەتـەوەو خـەڵکانی ئـەم ناوچـەیە مێژوویـەکی هاوبـەش بەیەکـەوەی نەبەسـتبوونەوە، بـەڵام ئـەوەی ئـەم دیـدە سیاسییەی وێناکرد بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیستییەکانی وڵاتـانی ئـەورووپی بـوو لـەم ناوچـەیەدا، بەتایبـەت کاتێك سـەرنجی سیاسـەتی بـەریتانی دەدرێـت بیرۆکـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت سـەنتەری بیرکردنـەوەو ئاڕاسـتە سیاسییەکانی گرتووە، لەئەدەبیاتی فەرەنسیشدا چەمکی ڕۆژهەڵات هەمان پێگەی هـەبوو، هـەردوو چـەمکەکەش ئاماژەی جیۆسیاسیو ستراتیجی بوون[3].

پـەیمانی سـایکس پیکـۆ، کەهەریـەك لـە (مـارك سـایکس – Mark Sykes)و (فرانسـوا جـۆرج پیکـۆ – Francois Georges Picot) لـەبری حکومەتـەکانیان واژۆیـانکرد، بڕیارییـان لـە دابەشـکردنێکی کـاتی ئیمپڕاتۆری عوسمانی دابوو، بەڵام بەڵگەنامـەکانی ڕێکـەوتنو نەخشـەکان تـەنها چوارچێوەیەکی تیـۆریی بوون،

(١) دیفید فرومکین: المصدر السابق، ص٥٩.

(٢) کارل إي.ماير و شارين بلير بريزاك: المصدر السابق، ص٩–١٠ ، ١٤.

(٣)عبدالقادر رزيق المخادعي: مشروع الشرق الأوسط الكبير الحقائق والأهداف والتداعيات، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ٢٠٠٥، ص ٤٣–٤٤.

تەنانەت بواری جێبەجێبوونیان زۆر لاوازبوو، بەڵام دوا نەخشەڕێژیی ئەم پەیمانە لەکۆنگرەی (قاهیرە)ی ساڵی (١٩٢٢) لەلایەن (وینستون چەرچڵ)ەوە گەڵاڵەکرا[1].

ِبەم شێوەیە گۆڕانو پەرەسەندنەکانی سنور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو بەر لە (١٠٠) ساڵ، بەپێی خواستو ویستی هێزە ئیمپریالیو ئەوروپییەکان داڕێژرا، لەم دابەشکردنەشدا توانستو پێویستی پێکەوە ژیان لەنێوان نەتەوەو ئایینو کەلتورە جیاوازەکانی ناوچەکە لەبەرچاو نەگیرا، کە لەم نێوەندەدا بووە مایەی کێشەگەلێکی یەکجار زۆرو درێژخایەنو بەردەوام ، هەموو ئەم نەخشەسازییەش بریتانیا و فەرەنسا بەپلەی یەکەم کاراکتەری بوون[2].

لەم سەربەنەوە دەوترێت کە شێواوترینو نەگونجاوترین سنوری نێودەوڵەتی لەجیهاندا بە ئەو سنورانە دەوترێت کە لە ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیاریکراون، ئەم سنورە ستەمکارییانە مایەی سەرهەڵدانی چەندین قەیرانو تەنگژە کە ناوچەکە توانای بەرگەگریی لەبەرامبەریدا نییەو نەبووە، هەروەها هەندێك لە توێژەران پێیانوایە کلیلی شکستی گشتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەو سنورانەیە کە بەشێوەیەکی زۆر خراپ کێشراون، کەهەمانکات پیرۆزکراون، ئەو سنورانەی دیپلۆماتەکانی ئێمە (ئەوروپا) دەیانپارێزن[3].

**باسی دووەم– کوردو بریتانییەکان (کێشەو دابەشکردنی کوردستان):**

بریتانیا لەسەرەتای سەدەی بیستەم تادوای جەنگی یەکەمی جیهانیو یەکلاییکردنەوەی خۆی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵکشانو داکشان لەئاڕاستەی سیاسیو بڕیارەکانی دەبینرێت، کە کاریگەریی لەسەر کوردو کێشەکەی هەبووە، گرنگترین ئەو پاڵنەرو مۆتیڤانەی سەرچاوەی ئەم سیاسەتەی بریتانییەکان بووە، جیاوازە کە هەوڵدەدەین لەچەند تەوەرێکدا ئاماژەیان پێبکەین.

**یەکەم – لاوازیی سەرچاوەی گەڵاڵەکردنی بڕیاری سیاسی:**

بارودۆخی جیهان لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەڕووی میکانیزمەکانی پەیوەندیکردنو گەیاندنو تەکنەلۆژیای وەرگرتنو گەیاندنی زانیاریی لەئاستی پێویستدا نەبووە، نەخشەسازییو هۆکارەکانی دروستکردنی نەخشە وەك پێویست بەردەست نەبوون، هەموو ئەمەش کاریگەریی

---

(١) ألوف بن وفرانك جاكوبس وباراج خانا ورالف بيترز: الشرق الأوسط خرائط جديدة ترسم، سلسلة ترجمات الزيتونة، مركز زيتونة للدراسات والإستشارات، بيروت، كانون الثاني ٢٠١٣، ص٧.

(2) Gideon biger: The boundaries of the Middle East – past, present and future, (Studia z Geografii polityczneji i Historycznej), tom 1 (2012), P61-67.

(٣) رالف بيترز: حدود الدم نحو نظرة أفضل للشرق الأوسط، مركز كاشف للمتابعة والدراسات الإستراتيجية، القسم الأول، مايس ٢٠١١، ص٧–٨.

لەسەر کردە سەربازیی و سیاسییەکان هەبووەو بەرچاوڕوونی ووردو تەواوی ئەوناوچانەی لەجەنگدابوون یان جەنگییان لەسەرکراوە فەراهەم نەبووە، کەوایکردووە بەشێك لەهەڵەی ستراتیجی و جوگرافی دروستببێت.

بەدیوێکی دیکەیدا، ئەم لایەنە وایکردووە کەفراوانی نفوزو سنوری داگیرکاریی هێزە باڵادەستە جیهانییەکان بەباشی کۆنترۆڵ نەکرێت، لەبەر دوورییان لەناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان و نەبوونی میکانیزمی خێرای گەیاندن و پەیوەندییکردن، هەڵوێستی ئەفسەرو کاربەدەستانی ناوچە دوورە دەستەکان وەك هەڵوێست و بیرکردنەوەو تێگەیشتنی کەسیی بووە، لەم نێوەندەشدا کەمی زانیاریی و نەزانینی زمان و باری دەروونی و ئەزموون و باکگراوند و تێنەگەیشتن لەبونیادیی کەلتوریی و کۆمەڵایەتی ناوچەکان، یاخود ململانێی نێوان خودی ئەو ئەفسەرو کاربەدەستانە لەسەر چۆنییەتی چارەسەرو ڕەنگرێژکردنەوەی ناوچەکان، ڕۆڵێکی کاریگەرو لەزۆرکاتیشدا نێگەتیڤی هەبووە، بەتایبەت گەر سەیری بریتانیا و فەرەنسا بکەین لەم قۆناغەداو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێکی زۆری ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت .

ئەم ڕاستییە لەو ئاماژەیەدا دەردەکەوێت کە فرۆمکین نوسیویەتی: "حکومەتی بریتانیا سادەترین زانیاریی دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکانی هەبووە، لەکاتێکدا لەگەڵیدا لەجەنگدابووە، تەنانەت نەخشەی جوگرافی، کە تەنها چەند نەخشەیەکی کەم بایەخ و لاوەکی نەبێت بەردەست نەبوون، لەوانە ساڵانی (١٩١٣-١٩١٤) یەکێك لە ئەفسەرانی هەواڵگریی (کتشنر) بەنهێنی نەخشەیەکی ناوچە سنورییەکانی سینای کێشاوە، هەروەها لەساڵی (١٩١٥) نەخشەیەك لەبارەی نیوەدورگەی عەرەبی لەبەردەستدابووە، جگە لەمانە سوپای بریتانی و سەرکردەو ئەفسەرانی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لەتاریکیدا جەنگاون"[(١)].

لەبەرئەوە ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت لەساڵانی لەساڵی (١٩١٤)ەوە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بۆ (کتشنر)و دارو دەستەکەی جێهێشت، هۆکارەکەشی ئەوەبوو تەنها کەمێك نەبێت زانیارییان لەبارەی کێشەو بارودۆخی ئەم ناوچانە نەبوو، تەنانەت (سیر مارك سایکس) نیگەرانی خۆی لەسەرنەبوونی سەرچاوەیەکی ڕەسەن بەزمانی ئینگلیزی دەربڕیووە، چونکە ئەوەی هەبوو پشتی بەکارە ئەنجامدراوەکانی ئەڵمانەکان بەستبوو کە لەساڵانی (١٧٤٤)ەوە نوسرابوون، ئەم کەموکۆڕییانەش تاساڵی (١٩١٧) بەردەوامیی هەبوو، لەبەرئەوە لەم قۆناغەدا هەژاریی زانیاریی بریتانییەکان بەبەراورد بەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم خەیاڵناکرێت[(٢)].

ئەمە لەکاتێکدا باری دەرونی و تێروانینی کەسی سەرچاوەی زانیاریی بریتانییەکان بووە، جەنەڕاڵ (چارلس جۆردون) بەمەبەستی ئاشنا بوون بە دۆخی سودان لەبارەی خۆیەوە نوسیویەتی: "دان بەسەرپێچی توندی خۆم لەبەرامبەر حکومەتی پاشایەتی و بەرپرسەکانی دەنێم، بەڵام ئەوە بەشێکە لەسروشتی خۆم کە دەربازبوونم

---

(١)دیفید فرومکین: المصدر السابق، ص٧٣.

(٢)المصدر نفسه ، ص٧٤.

نییە لێی، تەنانەت هەوڵی ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکانیشم لەگەڵیان نەداوە. ئەزانم ئەگەر من سەرۆك بوومایە هەرگیز خۆمم وەك فەرمانبەر دانەدەمەزراند، چونکە هیچ هیوایەك بۆ چاکبوونم نییە"[١].

لەبەرئەوە دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعیراقەوە، هەڵەیەکی ستراتیجی بریتانییەکان بوو، چونکە ئەم کارە لەلایەك دژی ئەو داکەوتە مێژووییەبوو کە نزیکەی نیوسەدەبوو لەئارادابوو، ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (١٨٦٤)ەوە لەچوارچێوەی بڕیارێکی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانیی، وەك ویلایەتێکی سەربەخۆ جیاکرایەوە[٢]، لەوەش زیاتر ئەزموونی کارگێڕیی عوسمانییەکانیان لەناوچەکەدا لەبەرچاونەگرت، کە لە دەستبەسەراگرتنی بەغدادەوە لەسەدەی شانزەوە گەیشتبووە ئەوەی کە ئەو عیراقەی ئەوان هەوڵی پێکەوە لکاندنیان ئەدا، ئەوان وەك سێ ویلایەتی سەربەخۆ لەیەکتر دایانمەزراندبوو، بەڵام لۆجیك و سیاسەتی دەستخستنی نەوت هەرسێ ویلایەتی لەیەك دەوڵەتدا کۆکردەوە[٣].

تەنانەت (نەوشیروان مستەفا)ش لە ئاماژەیەکدا نوسیویەتی: "هەندێ لەناوی کاربەدەستانی ئینگلیز وەکو: کۆرنوالیس، هۆڵت، ئێدمۆنز، لاین، گاون، ئالبن و دەیان ناوی تر...کە لەناو ڕوداوەکانی کوردستانی عیراقدا دوبارە ئەبێتەوە، ئەگەرچی لەو قۆناغەدا دەوری کاریگەرییان لە چارەنوسی سیاسی کوردی عیراقدا هەبووە، بەڵام ئەمانە لەکۆمەڵی ئینگلیز و لەمێژووی وڵاتەکەی خۆیاندا کەسانێك نین باسبکرێن و بناسرێن. لەچاو داوودەزگای گەورەو فراوانی ئیمپڕاتۆریەتی بریتانیدا فەرمانبەرو موچەخۆری بچوك و نەناسراوبون، بەڵام لەبەختی ڕەشی کورددا ئەمانەی لێ بون بە ملۆزمی دەسەڵاتدارو بڕیار بەدەست"[٤].

تەنانەت لەوەش زیاتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە ئەوانەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییان کێشاوە لەو قۆناغەدا، سنوریی دەوڵەتە ڕەسەنەکانی خۆیان نەزانیووە[٥].

سەرەڕای ئەم لایەنانە، ئاماژە بۆ هەڵەو کەموکوڕیی هەواڵگریی بریتانییەکان دەکرێت لەم قۆناغەدا، (جۆن بوتشان) کەلەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیی بووە بەڕێوەبەری زانیاریی حکومەتی بریتانی، سەرکردەکانی ئیتیحادو تەرەقی بەگروپێك لەجولەکەو قەرەج وەسفدەکات، بۆیە پێیوایە دەوڵەتی عوسمانی ئامرازیی دەستی

---

(١)کارل إي.ماير و شارين بلير بريزاك: المصدر السابق، ص٤٦.

(٢) ڕۆژهات ویسي خالد: مشكلة المناطق المتنازع عليها في العراق – إقليم كوردستان نموذجا، مطبعة جامعة دهۆك، دهۆك، ٢٠١٢، ص٢١.

(٣) جيرمي سولت: تفتيت الشرق الأوسط – تاريخ الإضطرابات التي يثيرها الغرب في العالم العربي، ترجمة: د.نبيل صبحي الطويل، دار النفائس للطباعة والنشر، دمشق – سوريا، ٢٠١١، ص١١٧.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عیراق: سەردەمی قەڵەم و موراجوعات (١٩٢٨-١٩٣١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٧.

(٥) ألوف بن وفرانك جاكوبس وباراج خانا ورالف بيترز: المصدر السابق، ص٢٣.

یەهودی جیهانییە، یان (ئەنوەر پاشا)ی بەجەنگاوەری پۆڵەندیی لەقەڵەمداوە، کەلەگەڵ یەکێك لە ئەفسەرانی عوسمانییەکان بەهەمان ناو کە باوکی پۆڵەندییەو یەهودیش نەبووە تێکەڵکردووە[1].

پێشهاتو پەرەسەندنە سیاسی وسەربازییەکانی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنیو ڕیشەییان لە سەر ئایندەی دەوڵەتی عوسمانی دروستکردبوو، بەجۆرێك ڕۆژ بەڕۆژ دەسەڵاتو نفوزی بریتانیا لە میزۆپۆتامیادا بەهێزو فراوانتردەبوو، تەنانەت هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە تادەگاتە ئاڵتون کۆپری لە باشووری کوردستان[2]، بەتەواوەتی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی بریتانیاوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو سەرکەوتنانەش، حکومەتی بریتانیا بە بایەخەوە لە گرنگیو دەوڵەمەندی ویلایەتی موسڵی ڕوانیوە، هەربۆیە سەرەڕای مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨، سوپای بریتانیا سووربوو لە سەر داگیرکردنی ویلایەتی موسڵو توانیان لە کۆتایی تشرینی دووەمی هەمانساڵدا، هاوشێوەی بەغداو بەسرە، بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ویلایەتی موسڵیش بکەن[3]. لێرە بەدواوە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو بریتانییەکان دەستپێدەکات، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گفتوگۆو مامەڵەی سیاسی لە نێوانیاندا بەرجەستەدەبێت[4].

**دووەم- شلۆقی سیاسەتی گشتیی بریتانییەکان:**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەرکردەو هێزە باڵادەستو براوەکان، پێکهاتەی سەرەکیو کێڵگەی تاقیکاریی تێڕوانینەکانیان بوو بەرامبەر بەجیهان[5].

دەزگا هەواڵگرییەکانی بریتانیا لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨وە لە هەوڵی ئەوەدابوون کە دۆستایەتی سەرکردەو کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد بەدەستبهێنن، لەوبارەیەوە لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی بریتانیادا کە مێژووەکەی بۆ ١٠ی شوباتی ١٩١٨ دەگەڕێتەوە، بە ئاشکرا ئاماژە بەو هەوڵانە دراوە کە لەلایەن بەشی هەواڵگری سەربازیی بریتانیاوە، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی هەریەکە لە عەبدولڕەزاق بەدرخانو کامیل بەدرخان خراوەتە گەڕ، بەتایبەتی لە دوای ڕوخانی قەیسەری ڕوسیا، دڵنیاشیان کردوونەتەوە کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، کورد لە ژێر دەسەڵاتی تورك ڕزگاریان دەبێت[6].

---

(١)دیفید فرومکین: المصدر السابق، ص٥٥-٥٦.

(٢)السر أرنولد ويلسن: الثورة العراقية، ترجمة: جعفر الخياط، دار الرافدين، ط١، بيروت، ١٩٧١، ص ١٧٥ .

(٣)جەرجیس فەتحوڵڵا: وریابوونەوەی کورد مێژووی سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، بەرگی ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٥٠" فؤاد حمة خورشيد: القضية الكردية في المؤتمرات الدولية، ط١، اربيل، ٢٠٠١، ص٧-٨" وسيم رفعت عبدالمجيد: العراق الانقلابي الانقلابات الناجحة والفاشلة في العراق ١٩٢١-٢٠٠٣، دار الجواهری، بغداد، ٢٠١٥، ص١٩-٢٠ .

(٤) سەبارەت بە سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان کوردو بریتانییەکان بڕوانە. المس بيل: فصول في تأريخ العراق القريب ١٩١٤-١٩٢٠، ترجمة: جعفر خياط، دار الكشاف، بيروت، ١٩٤٩، ص١٨٠-١٨٣ .

(٥) دیفید فرومکین: المصدر السابق، ص٢٤.

(٦)سروه اسعد صابر: كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٣٦، مطبعة وزارة التربية، ط١، اربيل، ص٧٦" م.س.لازاريف: المسألة الكوردية ١٩١٧-١٩٢٣، ترجمة: عبدى حاجي، ط١، بيروت، ١٩٩١، ص٢٧ .

لە لایەکی دیکەوە هەر لەدوای داگیرکردنی کەرکوك لە لایەن سوپای بریتانیاوە، شێخ مەحمود لە ٧ی ئایاری هەمان ساڵدا پەیوەندیی بەهێزەکانی بریتانیاوە کردووەو ئامادەیی خۆی نیشانداوە کە بە هەموو شێوەیەك پشتگیرییان بکات، بەمەرجێك لە ژێر چاودێری بریتانیادا حکومەتێك بۆ کورد دابمەزرێنن[١]، لە بەرامبەریشدا ئەگەرچی تاکو ئەو کاتە حکومەتی بریتانیا خاوەنی سیاسەتو ستراتیجێکی ئاشکراو داڕێژراو نەبوو بەرامبەر بە کوردو کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕازیکردنی کوردو پیشاندانی نیازپاکی خۆیان لە ڕێگەی مێجەر نۆئێلەوە، شێخ مەحمودیان وەك حوکمداری ناوچەکە ناساندو دوو ڕاوێژکاری بریتانییان بۆ بواری سیاسیو سەربازیی دیاریکرد، کە دەسەڵاتی تەواوەتییان لەدەستدابوو[٢].

لەوبارەیەوە ئەگەرچی میجەر نۆئێل، یەکێك بوو لە ئەفسەرە مەیدانییەکان، بەڵام هەر لەسەرەتاوە تێڕوانینو بۆچونی لە بارەی کوردەوە ئەرێنی بووە[٣]، بە تایبەتیش هەر لە دوای گەیشتنی بە شاری سلێمانی، لە نامەیەکیدا کە بۆ مەندووبی سامی بریتانیای ناردووە لە بەغدا، تیایدا جگە لەوەی هەڵوێستی دۆستانەی دانیشتوانی سلێمانیو دەوروبەری بەرامبەر بە بریتانیا خستۆتە ڕوو[٤]، لە هەمانکاتدا بە ئاشکرا بۆچونی خۆی خۆی بەرامبەر بەکورد دەربڕیوەو دەڵێت: "لە ڕاستیدا هیچ بەربەستێك بەدی ناکەم کە ڕێگربێت لە بەردەم پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیدا کە لەژێر سەرپەرشتیو دەسەڵاتی بریتانیادا بێت"[٥]. بەڵام لەبەرامبەردا ئارنۆلد وێلسن، هەرگیز بەوە ڕازی نەبوو حکومداریی شێخ مەحموود ببێتە بناغەیەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ[٦].

هاوکات لە (١٨ تشرینی دووەمی ١٩١٨) لوید جۆرج لەئەنجومەنی گشتی بریتانی ووتی: "ئەوکوردانەی ئازاری دەسەڵاتی تورکیان چەشتووە، لەسنووری نەتەوەییان مافیان هەیە" هەروەها ووتی: "کوردان بۆ ملکەچی هیچ حکومەتێکی عەرەبی ناچار ناکرێن"[٧].

---

(١)ڕەفیق حیلمی: یاداشت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ (٣)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٠" ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨٧.

(٢)عەلائەدینی سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد، چاپخانەی ئێران، چاپ (٢)، سەقز، ١٩٩٦، ل٥٥ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە/ د.عوسمان عەلی : چەند لێکۆلینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد ، و.کامەران جەمال بابان زادە ،بەشی دووەم ، چاپخانەی دیلان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦،ل ١٣ .

(٣) ڕۆبرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شیخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی: ئەبوبکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٩١.

(٤)د. احمد عثمان: مقترحات لادارة مناطق كردية بعد الحرب العالمية الاولى، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٤٨، ١٩٨٦،ل ل١٣٩-١٤٠ .

(٥)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. سعد بشير أسكندر: قيام النظام الآماراتي في كردستان و سقوطه مابين منتصف القرن العاشر و منتصف القرن التاسع عشر، تقديم مامۆستا جعفر، مطبعة شڤان، طبعة (٢)، السليمانية، ٢٠٠٨، ص ١٤٢ .

(٦)دەیڤد کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان فڕێدایە ناو عێراقەوە (پێرسی کۆکس و ئارنۆڵد تی ویڵسن)، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵا، بەشی ٢، گۆڤاری خاك، ژ(١١٥)، ٢٠٠٧، ل٩ .

(٧) بەیار مستەفا سەیفەدین: سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر تورکیا و کاریگەرییەکەی لەسەر کوردستان ١٩٢٣- ١٩٢٦، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی (١)، هەولێر، ٢٠١٠، ل٦٣.

تەنانەت لەساڵی (١٩٢٢)دا کاتێك ویسترا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، مەلیك فەیسەڵ ویستی بەهەر شێوەیەك بووە ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ لەدەرەوەی خواستی بریتانییەکان لەو کاتەدا بەشداریی پێبکات، بەڵام مەندوبی سامی دوبزو یاریدەدەرەکەی مێجەر بوردیلۆن بەتوندیی مەلیك و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانییان ئاگادارکردەوە کە بەهیچ شێوەیەك دەست لەویلایەتی موسڵ وەرنەدات[1].

بەڵام ئەم سیاسەتە کە لەنێوان ساڵانی (١٩١٤)و (١٩٢٢) لەلایەن بریتانییەکانەوە پەیڕەو دەکرا، گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات، بەجۆرێك لە ساڵی (١٩٢٢) بەدواوە بڕوایان بەو پرۆسەو بەرنامانە نەبوو کەلەسەرەتاوە بەفەرمی و لەپێناو داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێوەی پابەندبوون، ئەو حکومەتەی کەلەبریتانیا حوکمداریی دەکردو لە ساڵانی (١٩١٤و ١٩١٥و ١٩١٦)و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشوازیی لەئامادەیی ڕوس و فەرەنسییەکان دەکرد، تێڕوانینەکانیان وەرسوڕانە سەرئەوەی ڕوسیا مەترسییە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فەرەنسای وەك کارەسات تێدا دەبینرا...لەسەرو هەموو ئەمانەوە بریتانیا پرۆژەیەکی کۆلۆنیالیی فراوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرپێخست[2].

**سێیەم – ململانێی ئەفسەرو سیاسییەکانی بریتانی لەنێوان خۆیاندا:**

لە دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی بریتانیا پێگەی خۆیان لە ویلایەتی موسڵ قایم کرد، دیپلۆمات و ئەفسەرو کارمەندانی بریتانیا هەڵوێستی جیاوازو دژبەیەکیان لە بەرامبەر پرسی کورد هەبوو، بەجۆرێك لە نێوان خۆیاندا بەسەر دوو خوێندنگە یا ناوەندی بڕیاردانـدا دابەشببوون، لەوانە خوێندنگەی بەغدا، کە لە لایەن ئەفسەرو کاربەدەستە بریتانییە مەیدانییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە زۆرینەیان هەڵوێستی نەرێنییان بەرامبەر بە پرسی کورد هەبوو، لە بەرامبەریشدا خوێندنگەی لەندەن کە لەلایەن گەورە دەسەڵاتدارانی لەندەنەوە تێڕوانینی خۆیان لە بارەی کوردستانەوە دەردەبڕی، کە تاڕادەیەکی زۆر بە بەراورد بە دەستەی یەکەمیان، تێڕوانینی ئەرێنییان بەرامبەر بە کورد هەبوو، سەرەڕای ئەمانەش زۆربەی جار گەورە بەرپرسانی بریتانیا لە ئەستەنبوڵ و هندستان، لەبارەی میزۆپۆتامیاو ئایندەی کوردستانەوە بیروڕای خۆیان دەربڕیوە[3].

لەم قۆناغەدا هەستی نەتەوایەتی ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشە سەندندابوو، ئەمەش وایکردبوو کە چ بە شێوەیەکی پراکتیکی یاخود لە ڕێگەی داواکارییەوە، لە لایەن سەرۆك و کەسایەتییەکانی باشووری کوردستانەوە، لە شێوەی یەکێتییەکی کۆنفیدراڵیدا کار بۆ بەدیهێنانی کیانێکی کوردی بکەن، بەڵام هەرزوو سێر ئارنۆڵد لە دژی ئەم داواکارییە وەستاوەتەوەو پێیوابووە جێبەجێکردنی داواکارییەکی لەو شێوەیە، سەبارەت بە پێکهێنانی یەکێتی کۆنفیدراڵی کارێکی ئەستەمە، چونکە هەردوو فاکتەری جوگرافی و ئیتنی، ڕێگرن لەبەردەم پێکهێنانیدا. لە کاتێکدابوو (د.جی هوکاریس)ی بەرپرسی باڵای وەزارەتی جەنگ لە قاهیرە، لە میانەی یاداشتێکیدا، ئاماژە

---

(١) ڕۆژهات ویسي خالد: المصدر السابق، ص٣٠.

(٢) دیفید فرومکین: المصدر السابق، ص٢٣.

(٣)سروه اسعد صابر: المصدر السابق، ص٨٤.

بە گرنگیو بایەخی باکوری میزۆپۆتامیا دەکاتو پێیوایە دەکرێت دەوڵەتێکی لۆکاڵی تیا دابمەزرێت، کە ناوەندەکەی موسڵ یاخود ئورفە بێت[١].

لەم ناتەباییەی نێوان بریتانییەکانیشدا هەوڵدراوە کورد لەپێناو بردنەوەی گرەوو سەرخستنی بیروبۆچوونەکاندا بەکاربرێت، هەندێك لە ئەفسەرانی ئینگلیز لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی ناڕاستەوە، ویستویانە دانیشتوانی باشووری کوردستان لە داواکاری بونیادنانی سەربەخۆیی پاشگەز بکەنەوە، لەو بارەیەوە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ساڵ ١٩١٨دا، ولسن لە ڕێگەی بروسکەیەکەوە داوا لە ئەفسەرو کارمەندەکانی خۆیان دەکات کە هەوڵبدەن دانیشتوانی ناوچەکە تێبگەیەنن کە بەدیلی چونە پاڵ میزۆپۆتامیا، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە ویلایەتی موسڵدا، کەڕەنگە نەکەوێتە ژێر پارێزگاری حکومەتی بریتانیاوە، بەمەش ناتوانن پرۆسەی بازرگانی لەگەڵ میزۆپۆتامیا ئەنجامبدەن، جگە لەوەش لە هەموو ئەو هاوکاریو یارمەتیانەش بێ بەش دەبن کە حکومەتی بریتانیا پێشکەش بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەکات[٢].

حکومەتی بریتانیا بە بایەخەوە لە تێڕوانینی ئەفسەرو کارمەندە مەیدانییەکانی خۆی ڕوانیوەو هەوڵیداوە سەبارەت بە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆچوونیان وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٠ی ئازاری ١٩١٩، لەسەر داوای حکومەتەکەیی و بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گرنگەکانی ناوچەکە، ولسن گەیشتە پاریسو زنجیرەیەك کۆبونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتەکەیدا ئەنجامدا، یەکێك لەو پرسانەی کە لەو کۆبونەوەیەدا باسی لێوەکرا، پرسی کورد بوو، کە پێشنیارکرا سنووری ویلایەتی موسڵ فراوان بکرێتو چەند دەوڵەتۆکەیەکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان لەژێر چاودێری بریتانیا دابمەزرێت[٣].

دوابەدوای ئەوەش، لە ١٧ی نیسانی هەمان ساڵدا، ژمارەیەك لە ئەفسەرو کاربەدەستانی ئینگلیز لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا، بە مەبەستی تاووتوێکردنی چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر ناونیشانی (ئایندەی کارگێڕی وڵاتی نێوان دوو ڕوبار)، کۆنگرەیەکی فراوانیان بەست، تیایدا هەریەکە لە کیرزونو ولسنو چەندین کەسایەتی دیکەی وەزارەتەکانی هندو جەنگو دەرەوە، گفتوگۆی چڕیان لە بارەی پرسی کوردەوە ئەنجامدا .[٤]

لە نێو بەڵگەنامەکانی حکومەتی بریتانیادا، بە ئاشکرا هەڵوێستی جیاوازی ئەفسەرو دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی بریتانیا، سەبارەت بە پرسی کوردو ئایندەی کوردستان بەدیدەکرێت، لەو بارەیەوە لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرو کاربەدەستانی بریتانیا لە لەندەن سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ١٣ی نیسانی ١٩٢٠دا ئەنجامدراوە، وەزیری دەرەوەی بریتانیا (ونستون چەرچڵ)،

---

(١)المصدر نفسه، ص٨٧-٨٨ .

(٢)سروه اسعد صابر: المصدر السابق ، ص٩٠ .

(٣)ارنولد .تي.ولسن: بلاد مابين النهرين بين ولائين، ترجمة: فؤاد جميل، بغداد،ج٢ ،١٩٧١، ص٣٣٤-٣٣٥.

(٤)د. سعد بشير أسكندر: المصدر السابق، ص ١١٥" سروه اسعد صابر: المصدر السابق، ص ٨٤"
**İhsan Şerif Kaymaz: Britain's Policy toward Kurdistan* at the End of** the **First World War, p82.**

بە ئاشكرا داوادەكات پێویستە كیانێكی ئۆتۆنۆمی بۆ كورد دابمەزرێت، تاكو لە داهاتوودا ببێتە بناغەیەكی پتەو بۆ دروستكردنی حكومەتێكی كوردی سەربەخۆ[1]. بەڵام هەرزوو ئەم پێشنیارو بۆچوونە لە لایەن فەرمانبەرە مەیدانیەكانی بریتانیاوە ڕەتكرایەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی كە بە پێویست زانرا، بۆچوونی ئەوان لە بارەی ئایندەی كوردستانەوە وەربگیرێت، كاربەدەستانی بریتانیا لە بەغداو ئەستەنبوڵ، بەتوندی هەڵوێستی خۆیان لە دژی كیان و سەربەخۆیی كورد ڕاگەیاند، لەوبارەیەوە وڵسنی حاكمی گشتی بریتانیا لە بەغدا هەڵوێستی نەرێنی خۆی لە بارەی پرسی كوردەوە ڕادەگەیەنێت و ئاماژە بە بێتوانایی خۆبەڕێوەبەری كورد دەكات و دەڵێت: "هیچ كوردێك نییە كە بتوانێت خۆی وەك تاكە نوێنەری كورد بناسێنێت و بەناوی كوردەوە گفتوگۆ بكات، هەرلایەك بەجیاو لە ناوچەكەی خۆیی و لە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی خێڵەكی خۆیدا، داوای دەسەڵاتدارێتی دەكەن"[2].

پاش كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی، وڵاتە سەركەوتووەكان، بۆ ئەوەی بتوانن كێشەو ململانێكانی پاش جەنگ تاوو تویی و یەكلایی بكەنەوەو سزای ئابووری و سیاسیش بەسەر وڵاتە شكستخواردووەكاندا بسەپێنن، هەوڵەكانی خۆیان بۆ بەستنی كۆنگرەیەكی فراوان خستە گەڕ[3]، بۆ ئەو مەبەستەش لە ١٨ی كانونی دووەمی ١٩١٩دا، كۆنگرەی ئاشتی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا دەستی بە كارەكانی كردو نوێنەری زۆر لە وڵات و گەل و پێكهاتە ئیتنییەكان تیایدا بەشداربوون[4].

ئەمەش دەرفەتێكی زێڕینی بۆ نەتەوە ناتوركەكانی نێو سنووری ئیمپراتۆری عوسمانی ڕەخساند، تا لەو ڕێگەیەوە پێداگری لەسەر بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەكانیان بكەن، بە تایبەتی ڕاگەیاندنە دووقۆڵییەكەی بریتانیاو فەرەنسا كە لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا بڵاویان كردەوە، پاڵنەرێكی سەرەكی پێكهاتەكانی ناوچەكە بوو تاكو بە پەرۆشەوە جەخت لە سەر بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەكانیان بكەنەوە، چونكە بە ئاشكرا هەڵوێستی ئەرێنی خۆیان بۆ گەلە چەوساوەكانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەربڕیبوو، كە تیایدا هاتووە: "خواستی هاوپەیمانان، ڕزگاركردنی گەلە چەوساوەكانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی حكومەت و دامەزراوەی نەتەوەییە بۆیان"[5].

پرسی كورد لە سەرەتادا بەشێك نەبووە لە ئەجندای كارەكانی كۆنگرەی ئاشتی، چونكە لە سەرەتادا حكومەتی بریتانیا یاداشتێكی گشتگیری سەبارەت بە هەرێمە ئاسیایی و ئەوروپییەكانی سەر بە دەوڵەتی

---

(١)م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، ب( ٢ )، لەندەن،١٩٩١ ، ل٢٩-٣٠ .

(٢)هەمان سەرچاوەو لاپەڕە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەیڤد كۆرن: ئەو دوو پیاوەی كوردیان فڕێدایە ناو عێراقەوە (پێرسی كۆكس و ئارنۆڵد تی ویڵسن)، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵا، ب٣، گۆڤاری خاك، ژ(١١٦)، ٢٠٠٧، ل٩ .

(3).Paris Peace Conference 1919,Duke International Security Conference,Duke Uiversity Model United Nations Assocition .

(٤)ن . لازاریف: مێژووی كوردستان ...، ل ٣١٩" سروه اسعد صابر: كوردستان من بداية الحرب...، ص ١١٥ .

(٥). بەیار مستەفا سەیفەدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢" دڵشاد عمر عبدالعزیز: نەوتی كەركوك و ململانێی زلهێزەكان، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، چ١، كەركوك، ٢٠١١، ل١٧٨ .

عوسمانی خستەڕوو، کە تەواو سیاسەتە بەرژەوەندیخوازییەکانی خۆی لە بەرچاوگیرابوو، لەو یاداشتەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە پێویستە دان بە ماف هەریەکە لە (سوریا و عێراق و دورگەی عەرەبی و فەلەستین و ئەرمینیا) بنرێت و بە تەواوەتی لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بکرێنەوە[1]، بەڵام لە ٣٠کانونی دووەمی ١٩١٩دا دوای گفتوگۆیەکی چڕی نێو بەرپرسە باڵاکانی کۆنگرەی پاریس، بە پێویستیان زانی زاراوەی کوردستان بۆ پرۆژەکەی بریتانیا زیاد بکرێت، بە تایبەتی لوید جۆرج بە مەبەستی جیاکردنەوەو دابڕینی سنووری نێوان موسڵ و تورکیا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کوردستانیش بۆ پرۆژەکە زیاد بکرێت[2]، لە هەمانکاتدا بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەوکوردانەی ئازاری دەسەڵاتی تورکیان چەشتووە، ماف نەتەوەییان هەیە و ناکرێ بۆ دەسەڵاتی هیچ حکومەتێکی عەرەبی ناچار بکرێن[3]، ئەوەبوو لە ژێر کاریگەری ئەم پێداگرییانەدا هاوپەیمانەکان هاوپەیمانەکان ڕاگەیاندنێکی نوێیان بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتووە: "هاوپەیمانان و وڵاتانی هاوکار لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەرمینیا و سوریا و میزۆپۆتامیا و کوردستان و فەلەستین و دورگەی عەرەبی دەبێت بە یەکجاری لە ئیمپراتۆریتی عوسمانی دابڕێنرێن"[4].

جێگەی باسە سەرەتای بیرۆکەی بەشداریکردنی شاندێك یاخود نوێنەرێکی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا، بۆ میجەر نۆیل دەگەڕێتەوە کە لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩١٨دا لە میانەی کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ سەرۆك و کەسایەتییە کوردەکاندا ئەنجامیدابوو، کە تیایدا پێشنیار بۆ ئامادەبووان دەکات کە بڕگەیەك بۆ ڕاگەیاندنەکەیان زیاد بکەن و داوا لە حکومەتی بریتانیا بکەن پشتگیری کورد بکات بۆ بەدەستهێنانی کورسیەك لە کۆنگرەی ئاشتی پاریسدا، تاکو بتوانێت نوێنەرایەتی سەرجەم گەلی کورد بکات[5]، جگەلەوەش هەر لەسەرەتاوە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە لە ناو سەرجەم نەتەوەکانی خۆرهەڵاتدا، کورد لە هەموویان زیاتر توانای ئەوەی هەیە وەك حکومەتێکی جێگیرو سەربەخۆ مامەڵە بکات، جگەلەوەش پێیوابوو توانای فێربوون و پێشکەوتنی کورد، زۆر لە عەرەب و تورك و فارس زیاترە[6]، بەڵام بە پێچەوانەی نۆیلەوە، سیر ئارنۆلد ئەم دەرفەتەی کورد بە مەترسییەکی گەورە دەزانێت بۆ سەر پێکهاتە ئیتنییەکانی دیکەو دەڵێت: "ئەگەر ماوەماندا نێردراوی کورد بەشداری لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی ئاشتیدا بکات، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مەترسییەکی پێشوەخت بۆ

(1)David H.Miller: The drafting of the convenient, London, 1928, p109.

(٢)محسن محمد المتولي: كرد العراق منذ الحرب العالمية الأولى عام ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، الدار العربية للموسوعات ط ( ١ )، بيروت، ٢٠٠١، ص ٩٥ .

(٣)بەیار مستەفا سەیفەدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣ .

(٤)هەمان سەرچاوە، ل ٢٦ .

(5) . F.o. 371/747/204298 , December 12 ,1918

وەرگیراوە لە: ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کێشەی کورد لە سەردەمی ئاشتیدا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، وەرگێڕانی: جەمال گردەسۆری ،چاپخانەی خانی، چ ( ١ )، دهۆك، ٢٠١٢، ل ٢٨٠ .

(٦)دەیڤد کۆرن: سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨"

**İhsan Şerif Kaymaz:**op.cit,p82.

ئەرمەن‌و نەتەوەكانی تریش درووست دەكات، كە ئێمەو هاوپەیمانانیش بەفەرمی بەوە ڕازی نین كە نوێنەریان لە كۆنگرەدا هەبێت"[١].

هاوكات لە هەمان كۆبوونەوەدا مستر (Montagur)، پێشنیارێكی ئەرێنی بەرامبەر بە كورد دەردەبڕێ‌و دەڵێت: "بەلای منەوە وام پێ باشە كە سەربەخۆیی كوردستان بخرێتە پێش چاوو بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش پێویستە ڕێكەوتنێك لەگەڵ توركەكاندا ببەسترێت"، بەڵام هەرزوو لە لایەن زۆریك لە ئەندامانی كۆبوونەوەكەوە پێشنیارەكەی ڕەتكرایەوەو بەباش زانرا كە پرسی كوردو كوردستان بخرێتە دوای كۆتایی هاتنی پرسی میزۆپۆتامیا[٢]. لەهەمان كاتدا ئەوەشیان نەشاردۆتەوە كە پێكهێنانی كیانێكی سەربەخۆ بۆ كورد لە باكوری عێراق، ڕێگە بۆ فەرەنسییەكانیش خۆش دەكات، كە بەمەبەستی فراوانكردنی دەسەڵات‌و نفوزی خۆیان، لە ناوچە كوردییەكانی توركیادا، بیر لە دامەزراندنی كیانێكی كوردی بكەنەوە، ئەمەش لەگەڵ سیاسەت‌و ستراتیجی بریتانیا ناگونجێت، كە بەهەموو شێوەیەك دژی دەسەڵاتی فەرەنسی بوو لە ناوچەكەدا[٣].

ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەڵوێست‌و تێڕوانینی هەندێك لە ئەفسەرە مەیدانییەكانی بریتانیا لە عێراق، لە زۆربەی كۆبوونەوەو گفتوگۆ فەرمییەكاندا، كاریگەریی ڕاستەوخۆو نەرێنیان كردۆتە سەر ئایندەی كوردوكوردستان، لەو بارەیەوە ویلسنی حاكمی گشتی بریتانیا لە بەغدا، ڕاشكاوانە لە كۆنگرەی ئاشتی پاریسدا ڕایگەیاندووە كە لە بەرژەوەندی حكومەتی بریتانیایە كوردستان بە عێراقەوە بلكێنرێت[٤].

پەیمانی سیڤەر*، یەكێكی تر بوو لەو وێستگە گرنگ‌و دیارانەی كە بەشێوەیەكی ئاشكرا پرسی كوردی تیادا تاوو توێكراوە، ئەمەش لە كاتێكدا بوو كە وڵاتە هاوپەیمانەكان لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگ، زنجیرەیەك پەیماننامەیان بەسەر وڵاتە شكستخواردووەكانی جەنگدا سەپاند كە سیڤەر دیارترینیان بوو. لەم پەیمانەدا بەشێوەیەكی ڕوون‌و ئاشكرا، باس لە پێدانی ئۆتۆنۆمی‌و دابینكردنی سەربەخۆیی كوردستان كراوەو بۆ یەكەمجار لە سەرئاستی نێودەوڵەتی بەشێوەیەكی یاسایی، مافە نەتەوایەتییەكانی كوردو كوردستان لە چوارچێوەی هەرسێ بەندی (٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ )وە بەناوی كوردستانەوە چەسپێنراوە[٥].

---

(١)ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكر: كێشەی كورد لە سەردەمی ئاشتیدا .... ، ل ٢٨٠.

(٢)ڕۆبرت ئۆلسن: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤ .

(٣) م.ر.هاوار: شیخ محمودی قارەمان ،ب٢، ل٣١-٣٢.

(٤)دەیڤد كۆرن: سەرچاوە پێشوو، ب٣، گۆڤاری خاك، ژ(١١٦)، ٢٠٠٧، ل٩ .

*پەیماننامەی سیڤر لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا لە لایەن وڵاتە هاوپەیمانەكانەوە بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپێنرا، كە لە چوارچێوەی١٣ بەش و ٤٣٣ بەنددا، سەرجەم بوارە سیاسی و ئابووری و یاساییەكانی ئەو وڵاتەی كۆت و بەند كردووە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە . مسعود عبدالخالق: بەندەكانی كۆنگرەی سیڤەرو خوێندنەوەیەكی تر، وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش، چاپخانەی منارە، چ(٣ )، هەولێر، ٢٠٠٩ .

(٥)ن. لازاریف: مێژووی كوردستان ...، ل ٣٢٤" د. حامد محمود عیسى علي: المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى حتى سنة ١٩٩١، مكتبة مدبولي، ١٩٩٢، ص ٥٩ .

پێشـهات وپەرەســەندنە سیاسـی و ئابوورییــەکانی جیهـان بەگشـتی و ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاسـت بەتایبــەتی، بەرپرس و کاربەدەستانی بریتانیایـان هێنایـە سـەر ئـەو بڕوایـەی کـە کۆنگرەیـەك بـۆ تـاووتوێکردنی بـارودۆخی میزۆپۆتامیـا ببەسـتن، تـا لـە ڕێگـەی بیروڕای ئەفسـەرو کارمەنـدە مەیدانییەکانیانـەوە چارەسـەری گونجـاو بـۆ ناوچەکە بخەنەڕوو، بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرەی قاهیرە لە ١٢ تا ٣٠ی ئازاری ١٩٢١دا دەستی بەکارەکانی کرد[١]، کە تیایـدا پرسـی کـوردو کوردسـتان لـەم کۆنگرەیـەدا وەك پرسـێکی گـرنگ و هەسـتیار مامەڵـەی لەگەڵـداکراوەو لیژنەیـەکی تایبـەتی بەسـەرکردایەتی (چەرچـڵ)ی وەزیـری داگیرگـەکان بـە نـاوی (لیژنـەی کوردسـتان)ەوە بـۆ پێکهێنـراو لـە سـەرەتاوە دوو ئاڕاسـتەی دژ بەیـەك لـە نێـو بەرپرسـە باڵاکـانی بریتانیـا سـەبارەت بـە ئاینـدەو چارەنووسی کورد سەریهەڵدا[٢].

ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرەکە، لە سێرپێرسی کۆکس و کۆلۆنێل ویلسن و مێجەر یۆنگ و مێجەر نۆیل و مێجەر بادۆك و لۆرانس و مس بێل پێکهاتبوون، بەپشتبەستن بە پەیمانی سیڤەرو دوای گفتوگۆیـەکی چڕ، بە باش زانرا کوردستان نەخرێتە ژێر دەسەڵاتی عێراقەوەو مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ بکرێت، لەو بارەیەشەوە پێرسی کۆکس، ڕایگەیانـدووە کـە بەباشـی دەزانێـت ئـەو ناوچـە کوردیانـەی کـە پـەیمانی سـیڤەر ئامـاژەی پـێ کردووە لە لایەن خۆیەوە چاودێری و سەرپەرشتی بکرێن، جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە بە ڕەچاوکردنی فاکتەری ئابووری، پێویستە ئەو ناوچانە بەشێك بن لە عێـراق، کە بێگومـان لـەم تێڕوانینەشیدا لەگەڵ مس بێل تەواو هاوڕابوون[٣].

هاوکـات مێجـەر یـۆنگ، پێیوابـوو کـە پێویسـتە ڕەچاوی خواسـت و ئـارەزووی کوردەکـان بکرێـت، پێشـنیاری ئەوەش دەکات کە باشتروایە لەم قۆناغەدا بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە کوردییەکان بە دەسەڵاتێك بسپێردرێت کـە ڕاسـتەوخۆ لـە ژێـر کـۆنترۆڵی مەنـدوبی سـامیدا بێـت، نـەك دەسـەڵاتی حکومـەتی عێـراق[٤]. لـە درێـژەی گفتوگۆکانیانـداو لـە وەڵامـی پرسـیارێکی چەرچـڵدا، نۆیـڵ زۆر بـە ئاشـکراو بەشـێوەیەکی ئـەرێنی لـە بـارەی خواسـت و داواکارییــە ڕەواکــانی کــوردەوە دەدوێــت و ئامــاژە بــەوە دەکــات کــە بــە مەبەســتی پاراســتنی بەرژەوەندییەکانی لە میزۆپۆتامیا، پێویستە حکومەتی بریتانیا کار بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بکات، کـە لـە داهـاتودا دەبێتـە هـۆی جیاکردنـەوەی عـەرەب و تـورك لـە ناوچـەکەداو بـەو هۆیەشـەوە هاوسـەنگی هێـز ڕادەگرێـت. هاوکـات مێجـەر یـۆنگ بـەدیهێنانی سـەربەخۆیی کوردسـتان ڕەتناکاتـەوە، بەمـەرجێك لـە ژێـر سەرپەرشتی بریتانیادا بێت[٥].

---

(١)عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، الجزء( ١ )، طبعة (٧)، بغداد، ١٩٨٨، ص٣٥-٣٦ .

(٢)بەیار مستەفا سەیفەدین: سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٣-٨٥.

(٣) د. ئەحمەد عوسمان بەکر: کۆنگرەی قاهیرەو کاروباری ناوچەکانی کورد گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٢، ١٩٨٥، ل١٢-١٣.

(٤)سروه اسعد صابر: المصدر السابق، ص١٥٣ .

(٥)بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بڕوانە: د. ئەحمەد عوسمان بەکر: کۆنگرەی قاهیرەو کاروباری ناوچەکانی کورد ....،ل ١٣ .

له لایەکی دیکەوە کۆلۆنێل (لۆرانس)، هاوشێوەی نۆیل، سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی عەرەبەکان کە بە هەموو شێوەیەك دژی سەربەخۆیی کورد دەوەستنەوە، بەڵام بەباشی دەزانی کورد نەخرێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە، بەڵام (مس بێل) بە توندی دژی ئەو بۆچونانە دەوەستێتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە هەڵوێستی کۆتایی سەبارەت بە کورد بۆ شەش مانگی تر دوابخرێت، چونکە پێیوابوو دوای ئەو ماوەیە دوورنییە کوردەکان ئارەزووی ئەوە بکەن کە بە خواستی خۆیان بچنەوە سەر حکومەتی عێراق[1].

جێگەی سەرنجە (چرچڵ)ی سەرۆکی کۆنگرەکە، تێڕوانینێکی ڕوون و تەندروستی بۆ پرسی کوردو ئایندەی ناوچەکە هەبوو، بەجۆرێك لە درێژەی گفتوگۆکانیاندا بە ئاشکرا ئاماژە بەو مەترسییە دەکات کە لەداهاتوودا ڕووبەڕوی کوردەکان دەبێتەوە ئەگەر ناوچە کوردییەکان بە عێراقەوە بلکێنرێن، لەو بارەیەوە دەڵێت "مەلیکی عێراق لە دوای بەهێزکردنی سوپاو پایەی دەوڵەتەکەی، دوور نییە ماف کوردەکان پێشل نەکات و ڕێگری لە خواست و داواکارییەکانیان نەکات، کە بێگومان ئەنجامی کارێکی لەو شێوەیەش لە بەرژەوەندی کورددا نابێت".
بۆ ڕێگریکردنیش لە ئەگەری ڕوودانی پێشهاتێکی لەو شێوە، چرچڵ بەباشی زانیوە حکومەتێکی کوردی دابمەزرێت، نیگەرانی خۆشی لەوە دەربڕیوە کە سیاسەتی بریتانیا جۆرێك لە لایەنگری عەرەبی پێوەدیارە، ئەوەشی ڕاگەیاند کە نابێت ئەو لایەنگرییە بگاتە ئاستی پێشێلکردنی مافەکانی کورد[2].

ئەگەرچی لە نێو کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی قاهیرەدا، گفتوگۆیەکی چڕ لە بارەی پرسی کوردو ئایندەی سیاسی کوردستانەوە کراوە، بەڵام هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لە بەرژەوەندی کورد لێنەکەوتەوە[3]، ئەم بۆچونەشمان بەو واتایە نایەت کە فایلی کورد لە نێو کۆبونەوەی بەرپرسانی بریتانیادا داخرابێت و کۆتایی پێهاتبێت، بەڵکو وەك پرسێکی هەستیار مامەڵەی لەگەڵداکراوە، ئەوەتا بە پشت بەستن بەبەڵگەنامەیەکی نهێنی بریتانی، لە ٢ی شوباتی ١٩٢١دا، جارێکی دیکە لە بارەی پرسی کوردەوە چرچڵ، نامەیەکی بۆ سێرپێرسی کۆکس ناردووە، کە تیایداهاتووە " هیچ شتێك لە مادەکانی ئینتیداب، ڕێگە لەوە ناگرێت کە دەوڵەتی مونتەدیب ، دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردنشینن لە باکوری میزۆپۆتامیا دابمەزرێنێت ،

بەمەرجێك شێوەی ئەو ئۆتۆنۆمییە بەو جۆرە بێت کە دەوڵەتی مونتەدیب خۆی بە باشی دەزانێت"[4].

بەڵام هەروەك تێبینی دەکرێت کۆکس هاوڕا نەبووە لەگەڵ چرچڵداو بۆ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، چونکە ئەبێتە هۆی جیابوونەوەی تەواوەتی ناوچە کوردییەکان لە عێراق، ئەمەش نیگەرانی و بەرهەڵستییەکی

---

(١)م.ر.هاوار: شیخ محمودی قارەمان، بەرگی٢، ل٧٢–٧٣ .

(٢)سروە اسعد صابر: المصدر السابق، ص١٥٣" م.ر.هاوار: شیخ محمودی قارەمان، بەرگی٢، ل٧٣ .

(٣)د.عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، مطبعة الانتصار، طبعة (٢)، بغداد، ١٩٨٥، ص٣٧.

(4)C.O. ( 730-14 ) ,21/4/1921

وەرگیراوە لە / م.ر.هاوار: شیخ محمودی قارەمان، بەرگی٢، ل٧٣ .

زۆری لێدەکەوێتەوە، ڕاگەیاندووە لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوەکانی ناوچەکەو ئەفسەرو کاربەدەستەکانی بریتانیا لە ناوچە کوردییەکاندا، جۆرە ئیدارەیەك دابمەزرێنن کە جێگەی ڕەزامەندیی کوردو حکومەتی عێراق بێت[١]. تەنانەت ئاماژە بەوەش دەکات، مەلیك فەسەڵ ترسی ئەوەی هەیە دروستبوونی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ویلایەتی موسڵدا، هانی کوردەکانی تورکیاو ئێرانیش دەدات بچنە پاڵ ئەو حکومەتە، کە بێگومان ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە مەترسی بۆسەر حکومەتی عێراق[٢].

بەسەرنجدانێکی گشتی لە تێڕوانین و بۆچونەکانی نێو کۆنگرەی قاهیرە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە هەڵوێستی ئەرێنی و دۆستانەیان بەرامبەر بە پرسی کورد هەبووەو بەباشیان زانیوە کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێنن[٣]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی بۆچونەکانی ویلسن و کۆکس، ئەنجامی کۆنگرەکەی لەبارەی پرسی کوردەوە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا بردووە، بەجۆرێك پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك، سیاسەتی دۆستانەو ئەرێنی بەرپرسانی ئیدارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەرچڵ لە بەرامبەر سیاسەتی کۆکس، شکستی هێناو کەوتە پەراوێزەوە، بێگومان خودی کۆکس ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەم گۆڕانکاریانەدا، کە بەپێی هەندێك سەرچاوە، کوکس لەم هەڵوێستەیدا کەوتۆتە ژێرکاریگەری بەرپرسانی عێراقەوە کە خوازیاربوون باشووری کوردستان بەشێك بێت لە عێراق و دژی هەموو هەوڵێکی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوون[٤].

کۆکس و لایەنگرەکانی لەو هەڵوێستەیاندا، کۆمەڵێك ڕەهەندو فاکتەری جۆراوجۆری وەك (ئابووری، سیاسی، ئاینی، سەربازیی، جوگرافی) یان لەبەرچاو گرتووەو کردویانەتە بەهانە بۆ سووربوونیان لەسەر لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە شیکردنەوەی زیاتری بۆ بکرێت .

یەکەم / فاکتەری ئابووری، یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە بەردەوام لە لایەن بەرپرسانی بریتانیاوە کراوەتە بەهانەیەك بۆ لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە، ئەوان پێیان وابوو کە ئەگەر حکومەتی کوردی دابمەزرێت، لە ڕووی ئابوورییەوە توانای خۆبەڕێوەبردنی نابێت، جگە لەوەش بازرگانەکانی ناوچەکە بەهۆی پەککەوتنی پرۆسەی بازرگانییەوە ڕووبەڕوی زیانی گەورە دەبنەوە، بۆیە باشترین بژاردە بۆ دانیشتوانی هەردوولا لکاندنی باشووری کوردستانە بە عێراقەوە. بەڵام دیوی شاراوەی فاکتەری ئابووری، خۆی لە دەوڵەمەندی ناوچەکەدا دەبینێتەوە لەڕووی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکاندا، کە ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە هانی دەسەڵاتدارانی بریتانیایدا کە ناوچەکە بە عێراقەوە بلکێنن، چونکە دڵنیابوون لەوەی کە لە

(١)سروە اسعد صابر: المصدر السابق، ص١٥٦-١٥٨ .

(٢)م.ر.هاوار: شیخ محمودی قارەمان، بەرگی٢، ل٨٤ .

(٣)ڕۆبرت ئۆلسن: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠ .

(٤)هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

**ڕێگـەی پەیماننامەکانیانـەوە لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق، دەتـوانن بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکانیان لـە ناوچـەکەدا بەدەست بێنن.**

**دووەم/ فاکتەری دیمۆگرافی، لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە، دەبووە هۆکارێکی بەهێز بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی مەزهەبی و ئاینی، چونکە هەروەك ئاشکرایە زۆرینەی دانیشتوانی میزۆپۆتامیا لـە ڕووی ئاینییەوە موسڵمانی شیعە مەزهـەب بوون، هێنـانی مـەلیك فەیسـەڵ و دانـانی وەك پاشـای عێـراق کـە لـە ڕووی ئاینییـەوە سـونی مەزهـەب بـوو، کـە ئەمـەش لـە ڕووی مەزهەبییـەوە کـارێکی نـەگونجاوبوو، چـونکە لـە ڕووی پراکتیکییـەوە نـەدەکرا کەمینەیـەکی زۆرکـەمی سـونە مەزهـەب سـەرکردایەتی نیشـتیمانێك بکات،کـە زۆرینـەی خەڵکەکەی شیعە بوون، هەربۆیە لکاندنی باشووری کوردستان کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانەکەی سـونە بـوون، تا ڕادەیەك هاوسەنگی مەزهەبی لە عێراقدا ڕادەگرت .**

**سێیەم- فاکتـەری سیاسـی، بەدیهێنانی کوردسـتانی سـەربەخۆ لـە باشـووری کوردسـتان و لـە ژێـر چاودێری حکومـەتی بریتانیـادا، ڕێگـەی بـۆ فەرەنسـییەکانیش خـۆش دەکـرد تـا لـە ناوچـەکانی بـاکوری کوردسـتان، دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردانی ئـەو ناوچەیە دابمـەزرێنن، کـە بێگومـان ئەمـەش دەبـووە هـۆی نزیکبوونـەوەی فەرەنسییەکان لە ناوچەی نفوزو دەسەڵاتی بریتانیا، کە بریتانیا هەمیشە دژی ئەوەبوون .**

**پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییەش لەبەرچاو بگیرێت، کـە سیاسـی و کاربەدەسـتانی بریتانیـا لـە ناوچەکەدا، بە هـۆی لەبەرچـاوگرتنی بەرژەوەندییـە ئـابووری و سیاسـی و سـەربازییەکانیانەوە، تـا ڕادەیـەکی زۆر نەشـارەزاو کـەم ئەزموونانە مامەڵەیان کردووە ، بە جۆرێك خۆیان لەوە بەدوور گرتووە کە بە شێوەیەکی لۆژیکیانەو شارەزاییانە شرۆڤەی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە بکـەن، چـونکە هـەموو بەڵگـە مێـژوویی و جوگرافییـەکان ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنەوە کە سنورێکی سروشتی باشووری کوردستان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق جیا دەکاتەوە، سـەرباری ئـەوەش لـە ڕووی ئـاو وهـەواو پێکهاتـەی تۆبۆگرافییـەوە جیاوازییـەکی گـەورە لـە نێـوان باشـووری کوردسـتان و میزۆپۆتامیـادا بـە دی دەکرێـت، بـەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشـدا، کاربەدەسـتە مەیدانییـەکانی بریتانیاجـەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە باشووری کوردستان بە عێراقەوە بلکێنن .**

**لە لایەکی دیکەوە، پشێوییەکانی باشووری کوردستان و لە نێویشیاندا جوڵانەوە چەکدارییەکانی خێڵـەکانی سـنووری بادینـان و شـێخ مـەحمود لەسـلێمانی، کـە لەناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩١٩و سـەرەتای ١٩٢٠ لـە دژی دەسـەڵاتدارانی ئینگلیـز ڕاپـەڕینیان ئەنجامـداو بـەو هۆیەشـەوە ژمارەیـەك ئەفسـەری ئینگلیـز کـوژران، دەکرێـت بەیەکێك لەو هۆکارانە دابنرێت، کە بەرپرسانی بریتانیا متمانە بە کورد نەکەن و هەمیشە بەچاوی گومانـەوە لـە کورد بڕوانن، بەتایبـەتیش وەك کاردانەوەیـەك لـەدژی ڕاپەڕینـە کوردییـەکان سـەرەرای سـەرکوتکردنیان، لەلایـەن**

کۆلۆنیل (لەچمەن)ەوە پێشنیار دەکرێت کە دانیشتوانی سنووری بادینان کە کوردی موسڵمان بوون بەرەو سەر سنوورەکانی تورکیا ڕابگوێزرێن و لە جێگەی ئەوانیشدا ئاسوورییە مەسیحییەکان نیشتەجێ بکرێن[1].

پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت، کە هەر لەبنەڕەتدا پرسی کورد لە لایەن بریتانییەکانەوە وەك کارتی فشار لە دژی تورکیا و عێراق و تەنانەت ڕوسیاش بەکارهاتووە، بەجۆرێك هەرکاتێك دەسەڵاتدارانی عێراق و تورکیا ڕووبەڕووی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا وەستابن، ئەوا ڕاستەوخۆ کوردو پێکهێنانی کیانی سەربەخۆی کوردستان، وەك کارتی فشار لە دژیان بەکارهێنراوە، هاوکات هەندێك جاریش وەك هەرێمێکی دابڕکەر مامەڵەی لەگەڵکراوە .

لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣دا، پەیماننامەی لۆزان لە نێوان هاوپەیمانەکان و تورکیای کەمالیدا واژووکراو جێگەی پەیماننامەی سیڤەری گرتەوە[2]، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئایندەی پرسی کورد هەبوو، چونکە لە نێو کارنامەو ئەجێندای کاری لیژنە لاوەکییەکانی کۆنگرەی لۆزاندا پرسی کورد بە هەند وەرنەگیرابوو، تەنانەت لە سەرەتای دەستپێکردنی دانوستانەکانی لۆزانەوە، بریتانیا کەوتە پاشەکشە کردن لە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردو هەموو هەوڵەکانی لەو قۆناغەدا بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە باشووری کوردستان بە عێراقی تازە دامەزراوەوە بلکێنێ [3]، چونکە پێیان وابوو لەم قۆناغەدا هەتاکو حکومەتی بریتانیا لە پرسی کورد دوور بکەوێتەوە، کێشەی نێوان تورکیاو بریتانیا لە چارەسەرکردن و بەرقەراربوونی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا نزیکتر دەبێتەوە، لەو بارەیەوە هێنری دوبسی مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغدا، لە یاداشتێکیدا کە لە ١٩٢٢/١٠/٢دا بۆ بەرپرسانی وڵاتەکەی نوسیوە دەڵێت" ئەگەر حکومەتەکەمان لێدوانێکی فەرمی بدات و ڕایبگەیەنێ کە بریتانیا دەستبەرداری بەخشینی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بووە ، ئەمە تورکەکان ئارام دەکاتەوەو دانوستانەکان لە بارەی پرسی سنوور ئاسانتر دەکات"[4].

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون بوو کە حکومەتی بریتانیا بەشێوەیەکی پراکتیکی دەستبەرداری دروشمی کوردستانی سەربەخۆ یا کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی بووە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پاشگەزبوونەوەبوو لە پرەنسیپەکانی ماف دیاری کردنی چارەنوسی گەلان، بەم شێوەیە پرسی سەربەخۆیی کوردستان، بووە قوربانی ململانێی سیاسی و بەرژەوەندییە نەوتییەکانی حکومەتی بریتانیا، کە لە ڕێگەی بەرپرس و ئەفسەرە مەیدانییەکانیانەوە، بەبێ لە بەرچاوگرتنی بەڵگە مێژوویی و جوگرافی و نەتەوەییەکان، باشووری کوردستانیان بە عێراقی عەرەبی تازە دامەزراوەوە لکاند، کە بێگومان بەرپرسیارێتی یەکەمی ئەم سیاسەتە نەرێنییەش بەرامبەر بە کورد، پشکی شێر بەر هەریەکە لە ویلسن و کۆکس دەکەوێت، کە دوو ئەفسەری پلە باڵای ئینگلیزبوون لە عێراقدا.

---

(١)عدنان زيان فرحان: السياسة البريطانية تجاه الأقليات الدينية في العراق ١٩١٤-١٩٤١، أطروحة دكتوراه، مقدمة الي كلية الاداب في جامعة دهوك، غير منشورة، ٢٠٠٩، ص ٦١.

(٢)جليلي جليل والاخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة: د.عبدى حاجي، مطبعة خاني، طبعة (٢)، دهوك، ٢٠١٢ ،ص١٤١ .

(٣)بەیار مستەفا سەیفەدین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١ .

(٤)بەیار مستەفا سەیفەدین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١ .

**ئەنجام**

**بەتوێژینەوەو بەدواداچوونی ڕووداوو سەرچاوەکان، لەدوا پەیڤی ئەم توێژینەوەیەدا دەکرێت بڵێین:**

- **بریتانیا ئەگەرچی لەسەرەتای سەدەی بیستەمو سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی، گەورەترین هێزی جیهانیی و ئەو شانشینەبووە کە خۆری لێ ئاوانەبووە، بەڵام ئەوە بەمانای ئەوە نییە لەکەمو کوڕی بەدەربوون و کارەکانیان لە ئەوپەڕی وردەکاریی و پشتبەستوو بەسەرچاوە گەڵاڵە کراون، بەپێچەوانەوە هەژارییان لەزانیاریی هەبووەو لەهەنگاوەکانیان بەرچاو ڕوون نەبوون، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەش ئەو ڕووداوانەن کە لەسەدەی بیستەم ڕویانداوەو نەبونی ئارامیی و ئاشتەوایی لەناوچەکەدا کەوتۆتەوە.**
- **ئەفسەرانی ئینگلیز لەمامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد هیچ پێوەرێکی زانستیی یاخود جوگرافیی یاخود ئەنترۆپۆلۆجی یان دیمۆگرافییان ڕەچاو نەکردووە، بەڵکو ئەوەی ڕۆڵی لەدیارییکردنی چارەنوسی نەتەوەی کورددا بینیوە بەپلەی یەکەم بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بووە لەچاوی نوێنەرو ئەفسەرانی بریتانییەوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم لایەنە نەبوونی تەبایی بوو لەبەرامبەر چارەنوسی سیاسی نەتەوەی کوردو ئەو ململانێیەبوو کە لەنێوانیاندا لەسەر ئەم بابەتەدا هەیانبوو.**
- **کێشەی نەتەوەی کورد لەسیاسەتی بریتانیدا تەنها ئەوە نەبوو کە ئەفسەرانی بریتانی بڕیاردەرو نەخشەڕێژی بوون، بەڵکو ئەوەی کارەساتی بۆ کورد خولقاند، ناشارەزایی ئەفسەرانی بریتانی بوو بە بونیادی کۆمەڵایەتیی و جوگرافی و نەتەوەیی کورد، تەنانەت زۆرینەی ئەفسەرانی بریتانی کەهاتونەتە ناوچەکانی کوردستان زمانیان نەزانیووەو زانیارییەکانیان لەسەر بینین و بیستنی وەرگێردراو بونیادنراوە، کێشەیەکی دیکەی ئەم لایەنە ئەوەیە کە ئەم ئەفسەرانە تەنها لەشارەکاندا بوون، کە ئەوکاتە زۆرینەی کورد گوندنشین بوون، واتە کەمینەی کوردیان بینیوەو کەمترین سنوری جوگرافی کوردستان ئاشنابوون، لەبەرئەوە زۆرجار باری دەروونی و دیدی کەسی ئەم ئەفسەرانە ڕۆڵی نێگەتیڤی لەم ڕووداوانەدا بینیووە.**


**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم- نامە زانکۆییەکان:**

- **دکتۆرا:**

**١- عدنان زيان فرحان: السياسة البريطانية تجاه الأقليات الدينية في العراق ١٩١٤-١٩٤١، أطروحة دكتوراه، مقدمة الي كلية الاداب في جامعة دهوك، غير منشورة، ٢٠٠٩ .**

**دووەم- کتێبەکان:**

- **کوردییەکان:**

**٢- بەیار مستەفا سەیفەدین: سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر تورکیا و کاریگەرییەکەی لەسەر کوردستان ١٩٢٣- ١٩٢٦، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی (١)، هەولێر، ٢٠١٠ .**

٣- جەرجیس فەتحوڵڵا: وریابوونەوەی کورد مێژووی سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، بەرگی ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

٤- دڵشاد عمر عبدالعزیز: نەوتی کەرکوك و ململانێی زلهێزەکان، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، چ١، کەرکوك، ٢٠١١.

٥- رەفیق حیلمی: یاداشت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ (٣)، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٦- رۆبرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شیخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی: ئەبوبکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩ .

٧- عەلائەدینی سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد، چاپخانەی ئێران، چاپ (٢)، سەقز، ١٩٩٦ .

٨- عوسمان عەلی (دکتۆر): چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد ، و.کامەران جەمال بابان زادە ،بەشی دووەم ، چاپخانەی دیلان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦

٩- م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب( ٢ )، لەندەن،١٩٩١ .

١٠- مسعود عبدالخالق: بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەرو خوێندنەوەیەکی تر، وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش، چاپخانەی منارە، چ(٣ )، هەولێر، ٢٠٠٩ .

١١- نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عیراق سەردەمی قەڵەمو موراجوعات (١٩٢٨-١٩٣١)، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩ .

١٢- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢ .

١٣- ئەحمەد عوسمان بەکر( دکتۆر): کۆنگرەی قاهیرەو کاروباری ناوچەکانی کورد گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٢، ١٩٨٥.

١٤- ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کێشەی کورد لە سەردەمی ئاشتیدا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، وەرگێڕانی: جەمال گردەسۆری ،چاپخانەی خانی، چ ( ١ )، دهۆك، ٢٠١٢ .

- عەرەبییەکان:

١٥- ارنولد .تي.ولسن: بلاد مابين النهرين بين ولائين، ترجمة: فؤاد جميل، ج٢،بغداد، ١٩٧١ .

١٦- ألوف بن وفرانك جاكوبس وباراج خانا ورالف بيترز: الشرق الأوسط خرائط جديدة ترسم، سلسلة ترجمات الزيتونة، مركز زيتونة للدراسات والإستشارات، بيروت، كانون الثاني ٢٠١٣ .

١٧- جليلي جليل والاخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة: د.عبدى حاجي، مطبعة خاني، طبعة (٢)، دهوك، ٢٠١٢ .

١٨- جيرمي سولت: تفتيت الشرق الأوسط – تاريخ الإضطرابات التي يثيرها الغرب في العالم العربي، ترجمة: د.نبيل صبحي الطويل، دار النفائس للطباعة والنشر، دمشق – سوريا، ٢٠١١.

١٩- حامد محمود عيسى علي(الدكتور): المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مكتبة مدبولي، ١٩٩٢ .

٢٠- ديفيد فرومكين: نهاية الدولة العثمانية وتشكيل الشرق الأوسط، ترجم النصوص للعربية: وسيم حسن عبدو، قراءة وتقديم: د.منذر الحايك، دار عدنان، بغداد، ٢٠١٥ .

٢١- رالف بيترز: حدود الدم نحو نظرة أفضل للشرق الأوسط، مركز كاشف للمتابعة والدراسات الإستراتيجيية، القسم الأول، مايس ٢٠١١ .

٢٢- رِؤذهات ويسي خالد: مشكلة المناطق المتنازع عليها في العراق – إقليم كوردستان نموذجا، مطبعة جامعة دهؤك، دهؤك، ٢٠١٢ .

٢٣- السر أرنولد ويلسن: الثورة العراقية، ترجمة: جعفر الخياط، دار الرافدين، ط١، بيروت، ١٩٧١ .

٢٤- سروه اسعد صابر: كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤–١٩٣٦، مطبعة وزارة التربية، ط١، اربيل.

٢٥- سعد بشير أسكندر(الدكتور): قيام النظام الآماراتي في كردستان و سقوطه مابين منتصف القرن العاشر و منتصف القرن التاسع عشر، تقديم مامؤستا جعفر، مطبعة شڤان، طبعة (٢)، السليمانية، ٢٠٠٨ .

٢٦- عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، الجزء( ١ )، طبعة (٧)، بغداد، ١٩٨٨ .

٢٧- عبدالقادر رزيق المخادعي: مشروع الشرق الأوسط الكبير الحقائق والأهداف والتداعيات، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ٢٠٠٥.

٢٨- عزيز الحاج(الدكتور): القضية الكردية في العشرينات، المؤسسة العربية للدراسات واللنشر، مطبعة الانتصار، طبعة (٢)، بغداد، ١٩٨٥.

٢٩- فؤاد حمة خورشيد: القضية الكردية في المؤتمرات الدولية، ط١، اربيل، ٢٠٠١.

٣٠- كارل إي.ماير و شارين بلير بريزاك: صناع الملوك هواة ومغامرون...جواسيس ومتعصبون – إختراع الشرق الاوسط الحديث، ترجمة: د.فاطمة نصر، اصدارات سطور الجديدة، ٢٠١٠ .

٣١- م.س.لازاريف: المسألة الكوردية ١٩١٧–١٩٢٣، ترجمة: عبدى حاجي، ط١، بيروت، ١٩٩١ .

٣٢- محسن محمد المتولي: كرد العراق منذ الحرب العالمية الأولى عام ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، الدار العربية للموسوعات ط ( ١ )، بيروت، ٢٠٠١ .

٣٣- المس بيل: فصول في تأريخ العراق القريب ١٩١٤–١٩٢٠، ترجمة: جعفر خياط، دار الكشاف، بيروت، ١٩٤٩.

٣٤- وسيم رفعت عبدالمجيد: العراق الانقلابي الانقلابات الناجحة والفاشلة في العراق ١٩٢١–٢٠٠٣، دار الجواهرى، بغداد، ٢٠١٥ .

- **ئینگلیزییەکان:**

35- Gideon biger: The boundaries of the Middle East – past, present and future, (Studia z Geografii polityczneji i Historycznej), tom 1 (2012) .

36- Paris Peace Conference 1919, Duke International Security Conference, Duke University Model United Nations Association .

37- David H.Miller: The drafting of the convenient, London, 1928.

38- İhsan Şerif Kaymaz: Britain’s Policy toward Kurdistan at the End of the First World War.

**سێیەم– گۆڤارەکان:**

- **کوردییەکان:**

٣٩- **دەیڤد کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان فڕێدایە ناو عێراقەوە (پێرسی کۆکس و ئارنۆڵد تی ویڵسن)، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵا، ب ٢، گۆڤاری خاك، ژ(١١٥)، ٢٠٠٧ .**

٤٠- **دەیڤد کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان فڕێدایە ناو عێراقەوە (پێرسی کۆکس و ئارنۆڵد تی ویڵسن)، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵا، ب٣، گۆڤاری خاك، ژ(١١٦)، ٢٠٠٧ .**

- **عەرەبییەکان:**

٤١- **احمد عثمان(الدكتور): مقترحات لادارة مناطق كردية بعد الحرب العالمية الاولى، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٤٨، ١٩٨٦ .**

## الملخص

إن سنوات الحرب العالمية الاولى وما لحقتها من ابرام المؤتمرات والمعاهدات، انتجت خرائط ورسوم مختلفة ومتعددة لمناطق العالم وللشرق الاوسط، لذا كانت كل الجهود والتفكير والعلاقات ووترميم الخرائط تلهم الى عالم يسكنه السلام والإستقرار السياسي والاجتماعي والإقتصادي، ولكن الواقع المتبوع والمولود بعد الحرب العالمية الأولى أثبتت عكس المئمول والمطلوب جميعا، بل بعد أقل من ربع قرن اندلعت الحرب العالمية الثانية، وبعدها مباشرة الحرب الباردة والحرب العراقية الايرانية وحرب الخليج، هذه كلها مع الحروب والنزاعات القومية والداخلية داخل كل الدول التي أقاموها المهندسيين العسكريين البريطانيين والفرنسيين من سايكس بيكو إلى مؤتمر القاهرة ١٩٢١، انعكاسا لما أشرنا اليها من الأحداث كتب (آرتشيبالد وافيل)بكل دقة: "بعد الحرب التي كان هدفها انهاء الحروب، يبدو انهم نجحوا في صنع سلام ينهي كل سلام".

إذا كانت هذه العواقب الوخيمة اثرت سلبا على المنطقة والعالم، فإنها أكثر سلبية بالنسبة للكورد وكوردستان، لأنه لم تكن هناك لحظة من الإستقرار والأمن في المنطقة ولو صوريا أو شكليا، خاصة بعد تقسيم كوردستان إلى أجزاء وربط كل جزء بدولة مصطنعة حديثة، أحدث اضطرابات ومأسات للقومية الكوردية. العوامل والدوافع التي أدت إلى تقسيم كوردستان من قبل الدول الإستعمارية والأوربية متعددة، من بينهم الدور الذي لعبه الضباط والدبلوماسيين البريطانيين من خلال رسم الخرائط الجديدة للشرق الأوسط، لهذا السبب حاولنا من خلال جهدنا هذا، ان نلقي الضوء على كيفية تأثير الضباط والمندوبين البريطانيين على قضاء آمال النخبة السياسية الكوردية للحرية وتأسيس دولة خاصة بهم، خاصة المزاج الشخصي وقلة الإلمام بالمجتمع الكوردي وسطحية المعلومات التي لإستندوا إليها في صياغة قراراتهم الإستراتيجية والمصيرية للشعب الكوردي.

بحثنا يتكون من مقدمة ونتائج ومبحثين رئيسيين، وبمنهج تحليلي تاريخي حاولنا ان نستقي افكار وفرضيات البحث من مصادر مختلفة وحديثة، حيث نرجوا ان يسفيد كل من يقرؤه ويزيد مما لديه.